# کاریگەریی چیرۆکی منداڵان لە پرۆسەی پەروەردەیی و فێرکاریدا

عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ
(کەرکووک)

چیرۆکی منداڵان گێڕانەوەیەکی خەیاڵ ئامێزە، باس لەو ڕووداوانە دەکات کە لەگەڵ تواناییە زەینییەکانی منداڵدا گونجاون و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێگەیاندن و پرۆسەی پەروەردەییدا هەیە. یارمەتی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی زۆر لە تواناییەکان لە منداڵان و مێردمنداڵاندا دەدات، هەروەها چیرۆکەکان سەرچاوەیەکی بە بڕشتن بۆ بەدەستهێنانی وشەسازی نوێ و لەناو کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی بەرچاو پڕۆسەی پێوەندی ڕۆژانەیان لەگەڵ دەوروبەردا پتەو دەکات، هاوبار منداڵان بەڕووی جیهانی نوێ و ئەزموونی جیاجیادا دەکەنەوە و مەودای بیرکردنەوە و خەیاڵیان بەرفراوانتر دەکەن.

قۆناغی منداڵی، قۆناغێکی بنەڕەتییە لە گەشەکردنی کەسایەتی منداڵدا، بەو پێیەی چالاکییەکان کارا دەکات و بەو هۆیەشەوە پێداویستییەکانی منداڵ دەستەبەر دەکات، بێجگە لەو هۆکارانەی کە لە پێشکەوتنی کەسایەتی منداڵ بەشدارن، گەشەکردنی تێڕوانینەکانی، پێشکەوتنی تواناییەکانی، هەروەها ڕاستکردنەوەی ڕەفتارەکانی بە جێبەجێکردنی خەون و پێداویستییەکانی کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی قۆناغی تەمەنیدا بگونجێت.

چیرۆک لە ژیانی منداڵدابەوەی هونەری ئەدەبییە، ڕۆڵی کاریگەری دەبێت. ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی تواناییەکانی و کۆکردنەوەی زانیاری و

پەروەردەکردنی و پەرەپێدانی تواناییە زمانەوانی و چەمکە زانستی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان کە مایە و هەوێنی پڕ بایەخی ژیانن.

هونەری گێڕانەوەی چیرۆک، یەکێکە لەو شێوازە پەروەردەییانەی کە یارمەتی منداڵان دەدات بۆ ئارامبوونەوە و پێوەندی سۆزدارییان بە مامۆستاکانیان بەهێز دەکات، هەروەک هۆکارێکی سەرەکییە لە پەروەردەکردنی منداڵان بەر لەوەی بگەنە قۆناغەکانی فێربوون لە قوتابخانە. فێرکردن لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەوە، کاریگەری ئەرێنی لەسەر زمانی منداڵان هەیە. چیرۆکەکان لە نێو ئەو شێوازە پەروەردەییانەی کە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان بەکاردەهێنرێن، ڕۆڵ و پێگەی بەرچاویان هەیە.

سەبارەت بە تەمەنی گونجاو بۆ دەستپێکردنی خوێندنەوەی چیرۆک ڕووناکی دەخەینە سەر دیارترین جۆرەکانی چیرۆک و گرنگییان لە پرۆسەی پەروەردەییدا ڕوون دەکەینەوە.

**یەکەم: تەمەنی گونجاو بۆ دەستکردن بە خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان**

ڕەنگە زۆر کەس پرسیار لە تەمەنی گونجاو بکەن بۆ ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵانیان بکەن، ڕەنگە وەڵامەکە سەرسامکەر بێت! زۆر لە توێژینەوەکان سەلماندوویانە دایکی دووگیان بە خوێندنەوەی چیرۆک بۆ کۆرپەلەکەی سکی؛ بەشدارییەکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی تواناییەکانی زمان دەبێت و پرۆسەی وەڵامدانەوە خێراتر دەکات، بۆ منداڵانی خوار تەمەنی یەک ساڵ دەتوانن چیرۆک بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بخوێننەوە بۆ پەرەپێدانی تواناییەکانی زمان و بەرزکردنەوەی سەرنجی بینین و سەرنجدان لە وێنە هەمەڕەنگەکان.

هەرچی منداڵانی نێوان ساڵێک بۆ پێنج ساڵن، دەتوانرێت چیرۆکی سادە، بە کورتە دەق و وێناکردن بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی تێگەیشتنیان و ڕاکێشانی سەرنجیان. بۆ منداڵانی سەرووی پێنج ساڵ: دەتوانرێت چیرۆکەکان بەشێوازی سادە دەست پێ بکرێت و وردە وردە لەگەڵ داکشانیان لە تەمەن، ئاڵۆزییەکانیان بۆ زیاد بکرێت، هەر منداڵێک لە ژیانی ڕۆژانەیدا هۆگری چیرۆک بێت، مرۆڤێکی کارامە و لێهاتووی لێ بەرهەم دێت. جۆن دێوی دەڵێت: «پەروەردە لاساییکردنەوەیە زیاتر لە ئامۆژگاری». کە باوک، یان دایک کتێبیان گرتە دەست و چیرۆکیان خوێندەوە، بێگومان منداڵیش لاساییان دەکاتەوە و دواتر زەمینەی خۆشەویستی کتێب و خوێندنەوەیان لە دەرووندا دەخوڵقێت.

**دووەم: دیارترین جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان**

یەکێک لەو پێوەرانەی کە دەبێت لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان لەبەرچاو بگیرێت، هەڵبژاردنی جۆری چیرۆکە کە سەرنجی منداڵەکە ڕادەکێشێت. ئەم هەنگاوە یارمەتیدەرە بۆ هاندانی منداڵ بۆ خوێندنەوە، یان گوێگرتن لە چیرۆکەکان، هەروەها دەتوانرێت منداڵ پاڵنەرێک بێت بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکان، بە دابینکردنی پێداویستییەکان کە چاپی کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە لەخۆدەگرێت، لێرەدا گونجاوترین جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان دەخەینەڕوو:

**چیرۆکی دارستان:** ئەم چیرۆکانە باس لە پێوەندییەکانی ئاژەڵان دەکەن. زۆرجار ئەم چیرۆکانە بابەتە بە سوودەکانی وەک ئازایەتی و دۆستایەتی و هاوکاری لەخۆدەگرن و گیانی مرۆیی لە هزری منداڵدا کارا دەکەن.

**چیرۆکی سەرگەرمی:** ئەم چیرۆکانە باس لە ڕووداوە ورووژێنەر و چالاک و خەیاڵییەکان دەکەن، هەروەها هانی منداڵان دەدەن بۆ بیرکردنەوەی داهێنەرانە.

**چیرۆکی مێژوویی:** ئەم چیرۆکانە بە شێوەیەک باس لە ڕووداوە مێژووییە گرنگەکان دەکەن، کە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکەدا بگونجێت. هەندێک لە چیرۆکەکان کەسایەتییە مێژووییەکان لەخۆدەگرن، کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دروستبوونی

کەسایەتی منداڵ هەیە لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکەوە.

**چیرۆکی خەیاڵی:** ئەم چیرۆکانە باس لە ڕووداوە خەیاڵی و ناواقعییەکان دەکەن، بە ئامانجی فراوانکردنی ئاسۆی لێکدانەوەی منداڵ و پەرەپێدانی خەیاڵ و توانایی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بەو مەرجەی نەبنە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ و کاریگەری نەرێنییان لەسەر جێ نەهێڵێت.

**چیرۆکی ئەخلاقی:** ئەم چیرۆکانە باس لە ڕووداو و بارودۆخەکانی ڕۆژانە دەکەن و یارمەتیدەرن بۆ چاندنی بەها و بنەما ئەرێنییەکان لە منداڵاندا، وەک خۆشەویستی، لێبوردەیی، هاوڕێیەتی، بەخشندەیی، هاوکاری و زۆر شتی تر.

**سێیەم: گرنگیی چیرۆکی منداڵان لە پرۆسەی پەروەردەییدا.**

ڕەنگە زۆر لە دایک و باوکان ئاگاداری بایەخی گەورەی خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان لە ئاستی پەروەردەییدا نەبن. لێرەدا گرنگترین ئەو خاڵانە دەخەینە ڕوو کە تیشک دەخەنە سەر گرنگیی خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان:

**بەرزکردنەوەی توانایی زمان:** خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان یارمەتیان دەدات فێری وشەسازی نوێ و پێکهاتەی زمانەوانی جیاجیا بن، گابریێل گارسیا مارکیز دەڵێت: «بەهرەکانی من لەو چیرۆکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە بەمنداڵی بۆیان دەگێڕامەوە».

**بەرزکردنەوەی توانایی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:** لە ڕێگەی ڕووداوەکانی چیرۆک و تێگەیشتن لە بابەت، منداڵان دەتوانن و فێردەبن چۆن دۆخەکان شی بکەنەوە و بڕیاریان لەسەربدەن.

**بەها ئەخلاقییەکان:** زۆر لە چیرۆکەکان، بەها ئەخلاقییە باشەکانی وەک ڕاستگۆیی، دادپەروەری و میهرەبانی لەخۆدەگرن، کە پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە بۆ هاوسەنگیی تاک، دەروونناسان دەڵێن: «منداڵ لە ڕێگەی گوێگرتن لە چیرۆکەوە فێری گوێڕایەڵی و هونەری وتووێژ دەبێت».

**باشترکردنی توانایی گوێگرتن و قسەکردن:** خوێندنەوەی چیرۆک یارمەتیدەرە بۆ باشترکردنی توانایی گوێگرتنی چالاک و تەرکیزکردنی منداڵان، ئەمە بێجگە لەوەی توانایی دەربڕینی بیرۆکەکانیان بەرز دەکاتەوە.

**فراوانکردنی خەیاڵ:** هەندێک چیرۆک جیهانی خەیاڵی لەخۆ دەگرن، کە لە واقیعدا نین، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ فراوانکردنی خەیاڵی منداڵ و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە. ئەلبێرت ئێنشتاین لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر دەتەوێت منداڵەکەت کارامە بێت، چیرۆکی بۆ بخوێنەوە؛ بەڵام ئەگەر دەتەوێت بلیمەت بێت، چیرۆکی خەیاڵئامێزی بۆ بخوێنەوە.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەتوانین بڵێین خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵان ئامرازێکی کاریگەرە بۆ گەشەکردن و پێگەیاندنی منداڵ بە شێوەیەکی تەندروست، هاوبار یارمەتیدەرن بۆ پتەوکردنەوەی توانایی زمانەوانی و پێوەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵان، هەروەها یارمەتیدەرن لە داڕشتنی کەسایەتییەکانیان بە شێوەیەکی ئەرێنی، بۆیە پێویستە دایکان و باوکان حەز بکەن چیرۆکەکان بخەنە ناو ڕۆتینی ڕۆژانەی منداڵەکانیانەوە بۆ ئەوەی کەسێتییەکی هاوسەنگ بنیاد بنێن کە لە داهاتووی نزیک و دوورمەودایاندا توانایی بەدەستهێنانی سەرکەوتنیان هەبێت.

**سەرچاوە:**

* كوسوم باهاتيا، أهمية قصص الأطفال، ترجمة: نبيل غربي.
https://asjp.cerist. article/136770

* فن القصة ودوره في تنمية المهارات اللغوية، عالية محمد خليفة، المجلة الدولية للبحوث العلمية ISSN: 2755-3418 (Online).

* التربية المدرسية و الاسرية،فتوح محمود، المجلة الليبية العالمية December، ٢٠١٦.